# APIKUR
# ئەپیکور

**3ی ئۆکتۆبەری 2023**

**کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور)**

راگەیندراوی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور) لەبارەی لێدوانی وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتیەکانی تورکیا سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی هەناردەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا.

وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتیەکانی تورکیا ئاماژەی بەوە کردووە بۆری نەوتی عێراق - تورکیا (ئای تی پی)، ئامادەیە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت. کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور) پێشوازی لەو بەرەوپێشچوونە دەکات، هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە بە ئاراستەی دەستپێکردنەوەی هەناردەی ئەو نەوتەی لە هەرێمی کوردستان بۆ بازارەکانی جیهان بەردەهەمدەهێنرێت و ماوەیەکی زۆرە راوەستاوە. ئەپیکور جەختدەکاتەوە، ئەگەر هەناردەی نەوتیش دەستپێبکاتەوە، کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکۆر لە ئامادە نین نەوت بەرهەمبهێنن بۆئەوەی لەرێگەی ئەو بۆریەوە هەناردە بکرێت هەتا روونەبێتەوە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت چۆن پارەی ئەو نەوتەی پێشتر فرۆشراوە پێدەدرێتەوە، هەروەها بۆ داهاتووش چۆن پارەی هەناردەی نەوتیان پێدەدرێت. ئەندامانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئێستا نزیکەی یەک ملیار لە شایستە داراییەکانیان وەرنەگرتووە. کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانیان هەیە و مافی ئەوەیان هەیە لەناو بابەتەکانی دیکە، بەجیا بەشە نەوتی خاوی خۆیان بفرۆشن. نەبوونی رێککەوتن لەسەر شێوازی پارەدان وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، کۆمپانیا ئەندامەکانمان دەبێ بەشە نەوتی خاوی خۆیان بفرۆشن بەو کڕیارانەی بەدڵنیاییەوە دەتوانن نەوتیان پێبدەن. بۆ نموونە، لەرێگەی پێدانی پارەی پێشوەختە .

گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان، مافەکانی گرێبەستی دیاریکردوون کە لەلایەن یاسای ئینگلیزەوە بەرێوەدەبرێت، لەگەڵ چارەسەری هەر ناکۆکییەک لەرێگەی دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەندەن.

مایڵز کاگینز وتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور) رایگەیاند: "دواکەوتنی کردنەوەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا و چارەسەرنەکردنی پارەی نەوتی کۆمپانیاکان مانگانە نزیکەی ملیارێک دۆلار زیانی بە داهاتی عێراق گەیاندووە. ئەندامانی ئەپیکور رژدن لەسەر کار لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆئەوەی ئەم داهاتە بگەڕێننەوە و زیاتریشی بکەن، لەرێگەی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتەوە. پێمانوایە ئەمەش بەخێرایی و بەشێوەیەکی کاریگەر ئەنجامدەدرێت، دوای ئەوەی لەسەر شێوازی پارەدانەکە رێککەوتن کرا و رێز لەو گرێبەستی پارەدانەی ئێستاش گیرا ".

ئەپیکور جارێکی دیکە داوا لە لایەنەکان دەکات بەپەلە و بەشێوەیەکی بنیادنەر دەستبەکاردن پێکەوە بکەنەوە بۆئەوەی چارەسەرێک بدۆزنەوە کە لەرووی ئابوورییەوە بۆ هەردوولا باش بێت و هانی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی بدات لە بەرژەوەندی هەموو عێراقییەکان .

##

**دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:**
ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو رەخساندنی هەلێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی. کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی www.apikur.uk بکە.

Contact: myles.caggins@wordswarriors.com | +1-254-371-5704